# التشريع الضريبى ( ياساكانى باج )

## - تعريف الضريبة ( پێناسەی باج ):-

**باج:-** برە پارەیەكی نقدیە ( كاشە ) ، دەوڵەت لەسەر باج دەرەكان دەیسەپێنێت بەشێوەیەكی ناچاری و بەبێ بەرامبەر دەیدەن بە دەولەت یان یەكێك لە دەستە گشتیەكانی دەولەت بەشێوەیەكی كۆتایی، و ئامانج لێی پڕكردنەوەی خەرجیە گشتیەكانی دەوڵەت، و هێنانەدی ئامانجی ئابووری و كۆمەلایەتی و رامیاری و داراییە .

## خصائص الضريبة:-

١- **باج سەپێندراوێكی كاشە:-** لە سەردەمی نوێ باج بوویتە كاش، بەڵام پێشتر دەكرا بە عین ( خانوو و كەلوپەل ) بێت و دەكرا زراعی ( گەنم و جۆ ) بێت.

٢- **باج سەپاندنێكی ناچاریە:-** بە یاسا دەسەپێنرێت لەسەر ئەو تاكانەی كە داهاتیان هەیە، بۆیە بە ویستی سیاسی لە دەوڵەت دادەنرێ و ئەو تاكانەی كە توانای داراییان هەیە دەبێت بەشداری بكەن لە دانی باج.

٣- **باج دەدرێت بەبێ بەرامبەر:-** وە ئەوەش جیاوازی باجە لەگەڵ ڕسومات. باج بەبێ بەرامبەرە، بەڵام كە ڕسوماتی دەدرێ لە بەرامبەردا تاك خزمەتێكی پێشكەش دەكرێت بە شێوەیەكی راستەوخۆ. وەكو كە تاك دەچێتە دادگای ڕسومات دەدات لە بەرامبەردا تاك خزمەتێك پێشكەشی دەكرێت بە شێوەیەكی راستەوخۆ.

٤- ئەو باجەی كەوا دەدرێ بەكاردێتەوە بۆ پڕكردنەوەی خەرجی گشتیەكان و هێنانەدی ئامانجی ئابووری و كۆمەلایەتی و رامیاری و دارایی.

٥- باج لەلایەن دەولەت یان یەكێك لە دەستە گشتیەكانی دەسەپێندرێت لەلایەن ئەمانیش كۆدەكرێتەوە بە شێوەیەكی ناچاری و كۆتایی.

پ/ ئەو داهاتەی لە باج بەدەست دەکەوێ بۆ چ بەکاردێتەوە ؟

- قواعد الضريبة ( قواعدەکانی باج، بنەماکانی باج ):

١- **بنەمای دادپەروەری(قاعیدة العدالة)**:- مانای ئەو بنەمایە ئەوەیە کە هەموو کەسێك لەناو ولآت توانای دارایی هەبێت دەبێت باج بدات بەبێ جیاوازی و هەروەها باج باری دارایی باجدەرەکان لەبەرچاو دەگرێت کە بە شێوەی نزمترین ئاست باجی لێ وەردەگیرێت و باج جیاوازی دەکات لەنێوان ئەوانەی داهاتیان زۆرە و ئەوانەی داهاتیان کەمە. کەواتە لێرە دادپەروەریەکە بەدیار دەکەوێت.

٢- **بنەمای بی گومانی(قاعده اليقين)**:- مانای ئەو بنەمایە ئەوەیە کە دەبێت ئەحکامەکانی باج ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی هەموو باجدەرەکان بزانن چۆنە و چەند پارەی دەدات و لەکوێ دەیدات وکاتی دانی کەی دەبێت و نرخەی چەندە، بۆ ئەوەی کەس لە باج ڕانەکات.

هەر بۆیە سالآنە لە دەستەی گشتی باجەکان لە کوردستان دەلیلەك دەردەچێت باسی ئەحکامەکانی باج دەکات بە ڕوون و ئاشکرایی خستوتە ڕوو.

٣- **بنەمای گونجاندن(قاعدة الملائمة)**:- مانای ئەو بنەمایە ئەوەیە کە ئەو باجەی باجدەرەکان دەیدەن دەبێت گونجاو بێت هەم لەڕووی کاتەوە و هەم لە ڕووی شوێنەوە و هەم لە ڕووی باری دارایی باج دەرەکە. بۆ نموونە:- کەی باج لەسەر بازرگان دەسەپێنرێ؟ ئەو کاتەی کە قازانج دەکات.

هەروەها دەبێت دائیرەکان ئاسانکاری بکات بۆ باجدەرەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی باجەکانیان بدەن و ڕێگەیان پێ بدرێ کە بەقسگ باجەکەی بدەن ئەگەر بڕەکەی زۆر بوو ( بەلآم باجدەرەکە دەبێت پێشتر دائیرەی باج ئاگادار بکاتەوە ).

٤- **بنەمای ئابوری(قاعیده الإقتصاد)**:- مانای ئەو بنەمایە ئەوەیە کە ئەو باجەی دەوڵەت وەری دەگرێت نابێت خەرجی زۆر بێت.

**بۆ تێگەیشتن/ نموونە**:- کە کاتی وەرگرتنی باج دێت لێژنەیەکی ( ٣ ) کەسی پێك دەهێنرێ و باج وەردەگرێ، ئەگەر یەکێك لە باجدەرەکان لە گوندێکی دوورە دەست بوو و ئەو لێژنەیە چووە ئەو گوندەی هەتا باجەکەی وەرگرێ ئەمە خەرجیەکەی زیاتر دەبێت، هەر بۆیە ئەوە قبوڵ نییە لە بنەمای باج و دەبێت کەمترین خەرجی لە وەرگرتنی باج دا هەبێت.

* ئەگەر ئەو قاعدانە نەهاتنەدی ئەوا غُبن ونادادی لە باج دا هەیە.

## - أنواع الضريبة ( جۆرەکانی باج ) :

دووجۆرە ئەوانیش ( باج لەسەر کەسەکان، باجی ڕاستەوخۆ ) ( باج لەسەر أموال، باجی ناڕاستەوخۆ ).

**یەکەم/ باج لەسەر کەسەکان ( باجی ڕاستەوخۆ )**:-

ئەو باجەیە کە باجدەرەکان بە راستەوخۆ دەیداتە دەوڵەت.

وەکو:- باجی خانوبەرە، باجی زەوی و زار باجی دەرامەت، باجی ترکات.

**دووەم/ باج لەسەر أموال ( باجی ناڕاستەوخۆ )**:-

ئەو باجەیە کە باجدەرەکە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەیداتە دەوڵەت.

وەکو:- باجی گومرکی ئەو کەسەی کەلوپەل داخلی کوردستان دەکات، باجی دەخاتە سەر کەلوپەلەکەی و هاوڵاتی ئەو باجە دەدات. کەواتە هاوڵاتی باجەکەی دەدات تاجرەکە و تاجرەکە دەیداتە دەوڵەت هەر بۆیە پێی دەگوترێت باجی ناڕاستەوخۆ.

## - پێناسەی یاسای دارایی ( تعريف التشريع المالي )

**یاسای دارایی**:- بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسا و بنەمای یاسای کە داهات و خەرجیە گشتیەکانی دەوڵەت و بەڕێوە چوونی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجیەکان ڕێکدەخات ( بودجەی گشتی ).

* یاسای باج، یاسای ڕسومات، بەشێکن لە یاسای دارایی.

★ یاسای دارایی لقێكە لە لقەكانی یاسای گشتی.

## سەرچاوەكانی یاسای دارایی:

**١- ئەحكامەكانی دەستوور:-** زۆربەی كات زۆر ڕێسا و مەرجەكانی خەرجی و دەستكەوتنی داهات و كۆكردنەوەی داهات لەدەستوور جێگیر دەكرێن، هەروەها چۆنیەتی ئامادەكردن و پەسەندكردن و جێبەجێكردن و چاودێری كردنی بودجە جێگیر دەكرێن، كەواتە دەقە دەستووریەكان دەبنە كۆڵەگە بۆ یاسای دارایی بۆ نموونە:- لە برگەی ( ١ ) مادەی ( ٢٨ ) لەدەستوری عێراقی ساڵی ( ٢٠٠٥ ) باس لەوە دەكات كە سەپاندن و لێخۆش بوون و هەمواركردنی باج و ڕسومات ناكرێت تەنها بە یاسا نەبێت.

**٢- بنەما گشتیەكانی یاسای كارگێری:-** دەسەڵاتە داراییەكان و بەدەستهێنانی داهات و خەرج كردنی وابەستن بە ئەحكامەكانی یاسای كارگێری.

**٣- بنەما گشتیەكانی سیستەمی ئابووری:-** ئەم بنەمایە ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە دیاركردنی دارشتنی یاسای دارایی، چونكە كە یاسای دارایی دادەنرێت لەسەر بنەمای سیستەمی ئەو وڵاتە دادەنرێت. ئایە سیستەمەكەی  إشتراكی یان رأس مالی یە و ئابووری وڵات لەسەر ئەم سیستەمە بونیات دەنرێ، هەر بۆیە سیستەمی ئابووری بوویتە أساسێك و سەرچاوەیەك بۆ دروست بوونی یاسای دارایی.

**٤- یاساكانی تری دارایی:-** هەموو ئەو بریار و رینمایی و لائیحانەی ئامادەكراوە بۆ كار ئاسانی و جێبەجێ كردنی یاسای دارایی، دەبنە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەكانی یاسای دارایی.

## پەیوەندی نێوان یاسای باج ویاساكانی تر:

١- كە دەڵێن یاساكانی باج پەیوەندیەكی بەهێزی هەیە بە یاسای كارگێری. هەر بۆ نموونە كارگێری باج كە دەسەلاتێكی گشتی و بەشێكە لە ڕێكخستنی كارگێری لە دەوڵەت. هەر بۆیە هەموو حقوق و إمتیازاتانەی ئەو دەسەلاتە گشتیەی كە باج بەرێوە دەبات یاسای كارگێر و لەمجالی كارگێری ئیش دەكات.

٢- هەروەها پەیوەندی یاساکانی باج لەگەڵ دەستوریش پەیوەندییێکی بەهێزە، کۆمەڵێك مبادئ و بنەما هەیە کە پەیوەندی نێوان یاسای باج و یاسای دەستوری ڕێك دەخەن. ئەو پەیوەندیەش بۆمان بەدەردەکەوێ لەبڕگەی یەکەمی ماددەی ( ٢٨ )ی دەستوور کە دەڵێ سەپاندن و لێخۆش بوون و هەموارکردنی باج و ڕسومات تەنها بە قانون دەکرێت. کە مەبەست لەم مادەیەش دادپەروەری کۆمەلایەتی پەیرەو دەکات.

٣- پەیوەندی نێوان یاسای باج و یاسای سزا پەیوەندیەکی بەهێزە، چونکە هەندێك ماددە لە یاسای باجی دەرامەت هەیە کە پەیوەندی هەیە بە سزاکان کە ئەوانیش ماددەی ( ٥٦ ، ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٩ ) باس لە سزایەکانی باجی دەکات، هەروەها لە مادەکانی (٣٠)یەکانی یاسای خانووبەرە و زەوی زار باسی سزایەکانی ئەو کەسانە دەکات کە سەرپێچی مادەکانی یاسای باج دەکات. کەواتە یاسای سزایی أداتێکە لە أداواتەکانی گرێنتی کردنی جێبەجێ کردنی باج.

## - الضرائب المباشرة فى العراق ( باجی ڕاستەوخۆ لە عێراق ):-

لەعێراق ئەو باجەی کەوا فەرز دەکرێت لەسەر داهات و سەرمایيە، واتە لەسەر کەسەکان فەرز ناکرێت، هەر بۆیە لێرە باس لەو شتانە دەکەین کە ڕاستەوخۆ لەسەر داهات و سەرمایە فەرز دەکرێت کە لەعێراق کورت کرایتەوە بە (**الضرائب عى الدخل و الضرائب على رأس المال**).

## - الضرائب على الدخل ( باج لەسەر داهات ):-

باج لەسەر داهات و دەرامەت دوو باجی سەرەکی هەیە ئەوانیش: -

یەکەم : باجی دەرامەت (چريبە الدخل)    دووەم: باجی خانووبەرە (چريبە العقار)، کە هەردووکیان لەسەر داهاتەکەیەتی.

**يەكەم : باجی دەرامەت (ضريبة الدخل):**

**باجی دەرامەت:-** ئەو خەڵكەی كە داهات بە دەست دەهێنێت لە ئیشەكەی جا ئیشەكەی هەبوونی كۆمپانیا یان نووسینگەی هەیە یان هەر پیشەیەك بێت. ئەو داهاتە باجی لەسەر فەرز دەكرێ و جۆری باجەكەشی باجی دەرامەتە.

**ضريبة العقار ( باجی خانووبەرە):** ئەو باجەیە كە فەرز دەكرێت لەسەر داهاتی خانووبەرەكە كە ئێمە پێی دەڵێن كرێی خانووبەرە.

جۆرێكی تری باج هەیە كە نوێیە ئەویش **الضريبة على دخل شركات النفط الأجنبية** ( باج لەسەر داهاتی كۆمپانیای نەفتی بیانی ) كە ئەوەیان لەبەغدا هەیە و لەكوردستان هێشتا تصديق نەكرایە ڕێژەكەی ٣٥٪.

## - قانون ضريبة الدخل ( یاسای باجی دەرامەت ):-

لەكوردستان لە ساڵی ( ١٩٩١ ) وە ئەو یاسایە لە بەغدا بۆمان هاتیە جێبەجێ دەكرێ، بەڵام پاش ڕاپەڕینی ( ١٩٩١) هەر هەمواركردنەوەیەك لەبەغدا كرایە لێرە جی بە جی ناكریت تەنها ئەگەر پەرلەمان تصديقی كردبێ.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە لێرە لە كوردستان دوو هەمواركردنەوە لەسەر باجی دەرامەت كراوە ئەویش لە ساڵانی ( ٢٠٠٧ ) و ( ٢٠١١ ) هەتا وەكو ئێستا هیچ هەمواركردنەوەیەكی تر نەكراوە.

## - صفة الشخصي الخاضع لضريبة الدخل ( سیفەتی ئەو كەسەی ملكەچە بۆ باجی دەرامەت )

باجی دەرامەت لەسەر داهاتە نەك لەسەر شخص، بەڵام بارگرانی پابەندیەكە دەكەوێتە سەر كەسەكان، كەواتە كەسەكە وسیلەیە.

★ ئەو کەسانەی ملکەچن بە دانی باجی دەرامەت بریتین لە:- **شخص طبيعی** ( کەسی ئاسایی ) و **شخص المعنوي** ( کەسی مەعنەوی ).

**- الشخص الطبيعی ( کەسی ئاسایی ):-**

مەبەست لەکەسی ئاسایی مرۆڤە، کە تاکێکی کۆمەلایەتیە و ناتوانێت بە تەنها بژیت هەر بۆیە بنەمای یاسایی دانراوە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و پەیوەندیەکانی، وە هەر لەگەڵ لە دایك بوونی مرۆڤ کەسایەتی یاسایی وەردەگرێ بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ویستی و عقلی هەیە یان نا. وە دیارترین کاریگەر لەسەر وەرگرتنی کەسایەتی یاسایی بریتیە لە شیاوی (أهليە) بۆ وەرگرتنی ماف و هەلسوکەوت کردن وجێبەجێ کردنی پابەندیەکان.

وە یەکێك لەو پابەندیانە بریتیە لە پابەندی باجی ، جا ئەو کەسە صغير مميز بێت یان غير مميز، بالغ سن (الرشد) بێت یان نا، ئەوا پابەندە بە دانی باج لەسەر دەرامەتەکەی و یاسای باجی دەرامەت دەیگرێتەوە. بەلاّم ئەگەر (سن الرشد) تواو نەکرد بوو ئەوا (باوکی یان وصی یان ولی ) یەکەی هەڵدەستێت بە دانی باجەکە.

وە هەمان شت جێبەجێ دەکرێتً ئەگەر کەسەکە بەربەستەکاانی شیاوی هەبێت (عوارض الأهلية) هەبێت وەکو (عتە و جنون و سفيە و غفلە)، ئەوا دادگا کەسێکی بۆ دیاری دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و دانی باج و ناردنی بۆ فەرمانگەی باج.

وە هەر کاتێك کەسەکە مرد چ مردنی حقيقی بێت یان حوکمی ئەوا پابەندی باجەیەکەی لەسەر لا ناچێ بەڵکو ئەو باجە دەکەوێتە سەر سامانە بەجێهێشتووەکەی و لەسەر میراتگرەکانە پێش ئەوەی سامانە بەجێهێشتووەکەی دابەش بکەن بەشێك لەو سامانە بەجێهێشتوەی دەربینن و بیدەنە فەرمانگەی باجی.

**- الشخص المعنوی ( کەسی سروشتی ):-**

**مەبەست لە شخصی معنوی:-** کۆمەڵێك أشخاص یان أموالھ ھەوڵ دەدەن بۆ بەدیھێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، وە دوو جۆری ھەیە:- أشخاص معنوی عام ، أشخاص معنوی خاص.

**ألاشخاص المعنویه العامه:-** بریتین لە دەوڵەت ودام ودەزگاکانی وەکو فەرمانگەکان، پارێزگاکان و ھەرێمەکان و ھەروەھا مؤسساتی گشتی و کۆمپانیای گشتی.

**ألاشخاص المعنویه الخاصه:-** بریتین لە جمعیاتەکان و مؤسسات و کۆمپانیا تایبەتەکان. ئەوەی گرنگە بیزانین کە ئایا یاسادانەری باجکەسانی واتایی گشتی ملکەچ کردیە بە دانی باج؟

لە وەڵامدا نەخێر، بە پێی ماددەی ( ٨ ) لە یاسای باجی دەرامەت ئەوانە لێخۆشبوونیان (الإعفاء) بۆ کرایە لە دانی باج. بەڵام بە مەرجێك دەبێت ( ٢٥٪ ) داھاتەکەیان بگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت ئینجا لێیان خۆش دەیانگرێتەوە، ئەمەش بەپێی قانون توزیع أرباح المنشات الإقتصادیە العامە ژمارە ( ٥٦ ) ساڵی ( ١٩٨٢ ) قانون الشرکات العامە ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ( ١٩٩٧ ) دەبێت.

سەبارەت بە أشخاص المعنویە الخاصە کە کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، ئەوەی زۆر تەرکیزی لەسەر دەکەین کۆمپانیای تایبەتە کە لە یاسای کۆمپانیای تایبەت ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ( ١٩٩٧ ) باسی دەکات. ھەروەھا دووجۆری کۆمپانیامان ھەیە کۆمپانیای ئەموال (شرکات الٲموال) و کۆمپانیای کەسەکان (شرکات الٲشخاص) ، یاسادانەری باجی جیاوازی لە نێوانیان کردووە کە چۆن باج فەرز دەکرێت؟

**یەکەم**:- شرکات الأموال **( کۆمپانیاکانی ئەموال ):**

**کۆمپانیای ئەموال:-** ئەو کۆمپانیانەن کە سەرچاوەی سەرمایەکەیان لە پشکەوە دێت، وە محلی إعتبار لەشرکاتی أموال پارەیە و بەمردنی یان إفلاس کردنی یەکێك لە ھاوبەشەکان ھیچ کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمپانیا ناکات، چونکە بەرپرسیارەتی ھاوبەشەکان بۆ قەرزی کۆمپانیا سنوردارە ( محدودە ) بەسنووری ئەو بەشەی کە تەسلیمی کردیە.

یاسای باجی دەرامەتی عێراقی إعتراف بە شخصیەتی معنوی شرکات کردووە.

**دووەم:- کۆمپانیا کەسیەکان (شرکات الأشخاص):**

**شرکات الأشخاص:- ئەو کۆمپانیانەن کە لەسەر إعتباراتی شخصی دروست دەبن، واتە ئەو کەسانەی کە کۆمپانیا دروست دەکەن محل إعتبارن و پقهیەکی متبادل لە نێوان کەسەکان هەیە و عادەتەن کەسەکان خزم و هاورێن یان خێزانین، لە شرکات الأشخاص ذمةي مالی کەسەکان دەمجە لەگەڵ ذمةي مالی کۆمپانیایەکە واتە شریکەکان بە هەموو أموال منقول و غیر منقولکانیان بەرپرسیارن دەبن لەدانەوەی قەرزی کۆمپانیا.**

**لە یاسای باجی دەرامەت ناوی شرکات الأشخاص نەهاتووە بەڵکو ناوی لێ ناوە ( المشارکە )، هەر بۆیە لە یاسای باجی دەرامەت کە ووشەی شریکە دەبینین مەبەست لێی شریکەی أموالە نەوەك ئەشخاص.**

**وەکو بنەمایەکی گشتی باس لەوە کرا کە شرکات دادەمەزرێ و شهادەی تأسیس وەردەگرێ ئەوا شخصیەی معنوی وەردەگرێت، لەو کاتەوەش قازانجەکەی ملکەچ دەبێت بۆ دانانی باج، بەڵام لێرە فەرز کردنی باجەکە لەسەر شریکەکە نییە بەڵکو لەسەر شرکائەکانە، یەعنی هاوبەشەکان بە پێی بەشی خۆیان باجەکەی دەدات.**

**بۆ نموونە/ محمد ( ٥٠٪ ) حصەی هەیە ئەوا ( ٥٠٪ ) باج دەدات لە قازانجەکەی خۆی. بەپێی قانون الشرکات الخاصە ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ( ١٩٩٧ ) سێ جۆر لەشرکاتی ئەشخاصمان هەیە کە بریتین لەشرکاتی تچامنی، شرکة بسیطة ، مشروع فردی ( شرکە شخص واحد ) کە إستثنائە لەشریکە.**

**شرکات التضامنیە:- لە کۆمەڵێکی أشخاصی گبیعی پێك دێت کە ژمارەیان نابێت لە ( ٢ ) کەس کەمتر بێت و نابێت لە ( ١٠ ) کەس زیاتر بێت.**

**شرکات البسیطة:- کە کۆمەڵێك ئەندام پێك دێت کە ژمارەیان لە ( ٢ ) کەس کەمتر نەبێت و لە ( ٥ ) کەس زیاتر نەبێت.**

## تحديد الدخل الخاضع للضريبة ( دیاری کردنی ئەو داهاتانەی کە ملکەچن بۆ باجی دەرامەت )

بەپێی مادەی ( ٢ ) یاسای باجی دەرامەتی ژمارە ( ١١٣ ) ساڵی ( ١٩٨٢ ) کە پێکهاتووە لە ( ٦ ) فقرە و ئەو داهاتانە دیاری دەکات کە ملکەچە بۆ باجی دەرامەت.

**یەکەم/** أرباح الأعمال التجارية أو التي لها صبغة تجارية و الصنائع و المهن بما فيها التعهدات و الالتزامات و التعويض بسبب عدم الوفاء بها اذا لم يكون مقابل خسارة لحقت المكلف .

**ئەوانە خاڵ بە خاڵ باسی دەکەین:-**

**١- أرباح الأعمال التجارية أو التي لها صبغة تجارية:-**

یاسادانەری باج دیاری نەکردووە کە بەمەبەست لە کارە بازرگانیەکان چییە. بەڵام گەڕاینەوە بۆ ییاسای بازرگانی کە لەمادەی ( ٥ ) و ( ٦ ) هەموو کارە بازرگانیەکانی ژماردووە هەم ئەوانەی بە شێوەی تاکی و بە پرۆژە. کەواتە قازانجی هەموو ئەو کارە بازرگانیانە بە هەردوو شێوەی ( منفرد و مشروع ) کە قازانج دەکەن ملکەچە بۆ باج ( باجی دەرامەت ).

* بەڵام دستەواژەی ( أو التي لها صبغة تجارية )، کە پێشتر لە یاسای بازرگانی دەگوترا پیشەی بچووك بەکاری بازرگانی دانانرێ، بەڵام یاسای باج دەڵێ هەتا ئەوانەش ملکەچن بە دانی باجی دەرامەت.

**بۆ نموونە/** هەستانی کەسێك کە هەڵگری سیفەتی بازرگانی نییە بە کڕینی شتومەکێك زۆر بە مەبەستی بەکارهێنانی کەسی، بەڵام دوای تەواو بوونی پێداویستیەکەی ئەوا فرۆشتیەوە و قازانجی کرد. ئەوا یاسای باج ملکەچی دەکات بە دانی باج، چونکە قازانجی کردیە، هەتا ئەگەر تەنها بۆ یەك جاریش ئەم کارەی کردبێ.

یان هەستانی کەسێك بە تألیف کردنی کتابێك و گبع کردنی و فرۆشتنی بۆ جارێك بەپێی یاسای بازرگانی ئەمانە کاری بازرگانی نین، بەڵام بەپێی یاسای باج بە صیغەی تجاری دادەنرێ ملکەچە بە دانی باج.

## ٢- الصنائع ( پيشەسازی ):-

**پيشەسازی:-** كارێكی پيشەييە ( الحرفيە ) كە كەرستەی خاو بگۆڕی بۆ كەرستەيەكی ئامادەكراو وەك بەرگدوو قوماش دەگۆڕی بۆ پۆشاك، كارگەی پلاستيك گۆڕينی پلاستيك بۆ كەل وپەلی ئامادە كراو، ئەمەش دەكرێت كەسێك پێی هەڵدەستێت بە بەكارهێنانی تواناى جەستەی خۆی يان لەگەڵ چەند كەسێكی نزيكی ئەو كارە دەكاتن و كۆمەڵێك ئامێر بەكاردێنێت. ئەمانە هەموويان دەچنە ناو كارەكانی بازرگانی و داهاتەكەيان ملكەچە بۆ باج.

## ٣- الميهن ( پيشە ):-

**الميهنە ( پيشە ):-** بريتييە لەوەی كەسێك ممارسەی كارێكی ئابووری بكات و دووبارەی بكاتەوە بۆ ئەوەی قازانج بكات. جا ئەو كارە بازرگانی بێت يان نا، گرينگ ئەوەيە پيشە بێت. وەكو پارێزەری ، پزيشكی ، ڕسام. كەواتە گرينگ نييە ئەو پيشانە بازرگاانی بن يان نا. گرنگ ئەوەيە ممارسەی كارێك بكەی بۆ ئەوەی قازنج بكەی. لێرە هەموو ئەوانە ملكەچن بەدانی باج

## ٤- **التعهدات و الإلتزامات** و التعويض بسبب عدم الوفاء بها اذا لم يكون مقابل خسارة لحقت المكلف:-

ياسادانەری باج مفهومی تعهدات و إلتزاماتی دياری نەكردووە، بەڵام دەتوانرێ پشت بەياسای مەدەنی ببەستين بۆ زانينی چەمكەكانيان. بۆيە هەر سەرچاوەيەك لە سەرچاوەكانی پابەند بوون(التزامات) داهاتی لێبكەوێتەوە ملكەچی كردووە بە دانی باج بەڵام بە مەرجێك كە ئەو **تعويضە** بەرامبەر ئەو زەرەرە نەبێت كە بەكەسانی بەرامبەر كەوتووە. **بۆ نموونە/** زۆرجار كە ( ٢ ) كەس گرێبەست دەكەن مەرجی سزايی ( عربون ) دادەنێت بۆ ئەوەی ئەگەر يەكێك لە لايەنەكان هەڵنەستا بەجێبەجێ كردنی إلتزامی خۆی ئەوا لايەنەكەی تر مستحق دەبێت بە وەرگرتنی قەرەبوو، ئەو **تعويضە** ملكەچە بەدانی باج بەڵام بە مەرجێك كە ئەو تعويچە بەرامبەر ئەو زەرەرە نەبێت كە بەلايەنی بەرامبەر كەوتووە.

**نموونەیەکی تر/** ( أ ) لەگەڵ ( ب ) إتفاق دەکات کە ( أ ) هەستێت بە گواستنەوەی کەلوپەلی ( ب ) بۆ شوێنێکی دیاریکراو، دواتر ( أ ) هەڵناستێت بە کارەکەی ( ب ) مستحق دەبێت بەوەرگرتنی **تعويض** بەبڕی ( ١٠٠ ) هەزار دینار، ئەم بڕە ملکەچە بەدان باج ئەگەر بەرامبەر ئەو زەرەرە نەبێت کە بە ( ب ) پێی کەوتووە. بەڵام ئەگەر ( ب ) إتفاقی کرد بوو لەگەڵ ( ج ) کە کەلوپەلەکەی بۆ بگوازێتەوە بە هەمان بڕ، ئەوا پارەکە بەرامبەر زەرەرەکەی بووە، کەواتە بە هیچ شێوەیەك **تعويضةكة** ملکەچ نابێت بەدانی باج.

## دووەم:- الفوائد و العمولة و القطع و كذلك الأرباح الناجمة عن إحتراف المتجارة بالأسهم و السنات:-

**ئەمانەش خاڵ بەخاڵ باسی دەکەین:-**

### ١- الفوائد:-

مەبەست لە الفوائد ( سوود ) ئەو برە پارەییە کە کەسێك لەکەسێکی تری وەردەگرێت بەرامبەر بەکارهێنانی پارەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە:- کە پارە لە بانك دادەنێین بانك فائدەت دەداتێ. یاان پارە وەردەگری بە قەرز لە بەرامبەر سوو دەدەی.

یاسادانەری باج ئەو فائدەی بە داهات داناوە و ملکەچی کردووە بە دانی باج، و بڕی فائدەی إتفاقی بڕەکەی ( ٧٪ ) و فائدەی مدەنی نابێت لە ( ٤٪ ) زیاتر بێت و فائدەی تجاری نابێت لە ( ٥٪ ) زیاتر بێت ئەو فائدەش ملکەچە بۆ دانی باج. بەڵام هەندێك فائدە إستپناو کراوە بۆ بانکەکان و دەکرێ هەتا ( ١٠٠٪ ) بڕوا، بە تایبەتی لە قەرزی دەرەکی. بۆیە ئێستا لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان زۆربەی ئەو فوائدانەی وەردەگیرێ لەسەر پارە نزیك دەبێتەوە لە ( ١٥٪ ) و ( ٢٠٪ ) هەر بۆیەش ئەو فائدە بە داهات هەژمارکراوە و ملکەچە بۆ دانی باج.

### ٢- العمولة:-

**عموله**:- ئەو بڕە پارەیە کە بانك وەری دەگرێت بەرامبەر ئەو خزمەت گوزاریەی پێشکەشی کڕیارەکانی دەکات.  ئەم عمولەیەش بەقازانج دادەنرێت بۆیە ملکەچە بە دانی باج. مەرج نییە عمولەکە مصرفی بێت یان بازرگانی، چونکە لە یاسای بازرگانی باس لە تمپیل التجاری و الوکاله بالعموله و الدلاله ئەمانە هەموویان عمولەیان هەیە و ئەو عمولەیە بەداهات هەژمار دەکرێت. بۆیە هەموویان دەچنە ئەو چوارچێوەی کە باجی دەرامەتی لەسەریان هەژمار بکرێت.

٣- **القطع**:- ( داشکان )، بەم نموونەی خوارەوە بابەتەکە ڕوون دەکەینەوە:-

**نموونە/** کەسی ( أ ) دەچێتە **معرض** سەیارە دەکڕێت بەچوار دەفتەر، کەسی ( أ ) دوو دەفتەر دەدات و داوا لە خاوەن **معرض** دەکات کە پاش ( ٢ ) مانگی تر دوو دەفتەرەکەی تری بۆ ببات و خاوەن **معرض** ڕازی دەبێت بەلاَم پێ دەلێت کە دەبێت بچێت کاتب عدل و کۆمپیالەکم بۆ بکەیت و تێیدا بەلێن بدەی کە لەماوەی ( ٢ ) مانگ دوو دەفتەرەکەم بۆ بگەرێنیەوە ، کەسی ( أ ) هەڵدەستێت بە بەلێن دان لە کاتب عدل کە بەماوەی ( ٢ ) مانگ دوو دەفتەری بگەرێنێتەوە بۆ خاوەن **معرض** کە سوودمەندە لە شوێنی دیاریکراوی خۆی ، خاوەن **معرض** کە ئەم کۆمپیالەی وەرگرت دەبێت چاوەرێ بکات هەتا ( ٢ ) مانگ بەلاَم لەبەر ئەوەی کەسی بازرگان ئەم ماوەیە چاوەرێ ناکات بەڵکو ئیشی  پێ دەکات. بۆیە خاوەن **معرض** دەچێتە بانك و کۆمپیالەکەی دەدات و دەڵێ خصم ( داشکاندن )م بۆ بکەن، واتە پارەکەم بدەنێ و ئێوە چاوەرێ بکەن کە ماوەی کمپیالەکە کۆتای پێهات پارەکە وەربگرنەوە، بانك هەڵدەستێت بە داشکاندن بە ( ٥٪ ) یان ( ١٠٪ ) بە پێی بانکەکە ئەگەر ( ١٠٪ ) داشکاندن بکات یەعنی لەدوو دەفتەری ( ٢٠ ) وەرەقەی دادەشکێنێت و ( دەفتەرەك و ٨٠ ) وەرەقەی دەداتە خاوەن **معرض**. ئیدی ئەو ( ٢٠ ) وەرەقەیە دەبێتە داهات بۆ بانك و ئەو داهاتە ملکەچە بەدانی باج.

**٤- الأرباح الناجمة عن إحتراف المتجارة بالأسهم و السندات**:-

أسهم و سندات بە کاغەزی دارایی هەژمار دەکرێت و کاتێك کە دەی کڕێ باجی لەسەر نییە.

پ/ لەچ کاتێك باج لەسەر أسهم و سندات دەبێت؟

وەڵام/ ئەو كاتەی كە بازرگانی پێی كرد واتە كڕین و فرۆشتنت پێی كرد و قازانجت كرد ئەو كاتە ملكەچە بەدانی باج. كەواتە ئەو قازانجەی بە دەستی دێت لە كڕین و فرۆشتنی أسهم و سندات ملكەچە بۆ باج.

## سێیەم:- بدلات إيجار الأراضي الزراعية:-

ئەگەر كەسێك زەوی زراعی هەبێت و خودی خۆی بەكاری هێنا (إستغلال) كرد ئەوا بەپێی یاسای باجی دەرامەت باجی لەسەر نیە و لێخۆشبوونی بۆ كرایە. واتە هەرچەند قازانجیش بكات ئەوا باجی لەسەر نییە.

★ بەڵام ئەگەر ئەو زەویەی بۆ خۆی بەكاری نەهێنا و بەكرێیدا ، ئەو كرێیە دەبێتە داهات و ملكەچ دەبێت بە دانی باج ( باجی دەرامەت ). كەواتە ئەو بەرامبەرەی كە وەری دەگرێت كە كرێیەكەیە بەداهات هەژمار دەكرێت و باجی لەسەرە.

## چوارەم:- قيمة العقار أو حق التصرف به المُقَدَّر أو البدل أيهما أكثر:-

ئەم بابەتە مشت و مڕێكی زۆری لەسەر كراوە و زۆر بۆچوون هەیە و چەندەها جار تعدیل كراوە، بەڵام لێرە تەنها ئاماژە بە كۆتا تعدیل دەدەین لە هەرێمی كوردستان كە لە ساڵی ( ٢٠٠٧ ) و ( ٢٠٠٩ ) كراوە.

كاتێك باڵەخانەیەك یان زەویەك یان دوكانێك دەفرۆشرێ قیمەتەكەی دەخەملێنرێت و نیوەی خەملاندنەكە عەفوو دەكرێ و نیوەكەی تری باجی لەسەر دادەنرێ بە بەشێوەی پلە بەندی (تصاعدی).

**نموونە/** ئەمن خانووەكم هەیە، لەلایەن دائیرەی باج خەملێنرا بە ( ٥٠ ) ملیۆن دیناری عیراقی لە ( ٥٠٪ ) كە دەكاتە ( ٢٥ ) ملیۆن دینار لێخۆش دەبن بەڵام ( ٥٠٪ ) كەی تر باجی دێتە سەر ئەویش بە نسبەیەكی پلە بەندی (تصاعدی) واتە لەدووملیۆنی یەكەم ( ٣٪ ) باج دێتە سەری، لەدوو ملیۆنی دووەم ( ٥٪ ) دێتە سەر .... هەر بەمشێوەیە هەتا دەبێتە ( ١٥٪ ).

بەلام كە فەرمانگەی باج هاتن و خەملاندنیان بە ( ٥٠ ) ملیۆن دینار كرد ئەمە پێی دەگۆترێت ( قیمەی مُقدرە ) بەڵام زۆرجار دەكرێت كە ئەمن ئەو خانووەم فرۆشت رێكەوتنم كردیە بە ( ٦٠ )

ملیۆنی بفرۆشم ئەو ( ٦٠ ) ملیۆنە پێی دەگوترێت (بدل ایهما أكثر ). لێرە كامیان زیاتر بوو لە قیمەی مُقدر و البدل ئەو هەژمار دەكرێت بۆ باج. كەواتە لێرە ( ٦٠ ) ملیۆنەكە هەژمار دەكرێت بۆ باجەكە چونكە قیمەتەكەی زیاترە.

بۆ زانیاریتان: لە گرێبەستی فرۆشتن ( عقد االبیع) دوو كەس هەیە ( مشتری و بائع ).

**موشتەری:**- باج نادات بەڵكو تەنها ڕسمی تاپۆ دەدات كە ( ٣٪ ).

**پ/ كەواتە كێ باج دەدات لە كرین و فرۆشتنی عقارێك؟**

وەڵام/ فرۆشیار (بائع) باجەكەی دەدات.

لێرە فرۆشتنی ئەم عقارە ئینجا نقل كردنی ملكیە و حق التصرف كە حق التصرف:

بەفرۆشتن: فرۆشیار (بائع) باجەكەی دەدات.

بەمقایضةیە: ( خانوو بەخانووی یان خانووی بەزەوی دەگۆڕدرێتەوە ). لێرە لە فەرمانگەی باج دوو معاملە دەكرێ واتە ئەوەی خانووەكەی فرۆشتیە دەچی خانووەكەی بە ناوی بەرامبەری دەكاتن و ئەوەی زەویەكەی فرۆشتیە دەچیی زەویەكەی بە ناوی كەسەكەی تر دەكاتن، و باج لە هەردوو فرۆشتنەكە لە فرۆشیار (بائع) وەردەگرێ.

**التنازل:**- ئەوەی تنازول دەكات ئەو باجەكەی دەداتن و وەكو فرۆشیار هەژمار دەكرێت.

الهبة:- ئەوەی عقارێكی بە هدیە دەداتە كەسێكی تر ئەوا ئەو كەسەی كە هدیەكەی دایە ئەو باج دەدات و وەكو فرۆشیار هەژمار دەكرێت.

إزالة الشیوع:- بۆ نموونە خانووەك هی ( ٣ ) كەسە ، یەكێك لەوان لە هاوبەشایەتی دەردەچێت ئەوا پێویستە ئەو باجەكەی بدات و تصفیە دەكرێ دەبێت باجەكەی بدات.

المساطحة:- ئەو کەسەی کە زەویەك لە دەوڵەت وەردەگرێت بۆ ماوەی ( ٢٠ ) ساڵی لە بەرامبەردا شتێکی لەسەر دروست دەکات و إستفادەی لێ وەردەگیرێت، لە چ کاتێك إستغلالی کرد سوودی لێ وەردەگرێت ئەو کات باجی لەسەرە باج لەسەر کەسی مُساطحة.

**پێنجەم:- الرواتب و رواتب التقاعد والمكافئات و الأجور المقررة للعمل بمقدار معين لمدة المحدودة و المخصصات و التخصيصات:-**

ئەمەش خاڵ بەخاڵ باسی دەکەین:-

١- الرواتب و الأجور ( مووچە و کرێ ):-

کە باس لەمووچە دەکەین، مووچە بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت یان فەرمانبەرانی گشتی، و کرێ بۆ کرێکاران کەرتی تایبەتە، کرێکارانی کەرتی تایبەت پێیان دەگوترێ ( کرێکار ) و خاوەن کارەکەش پێی دەگوترێت ( خاوەن کار ).

**مووچە:-** برە پارەیەکە کەسێك وەری دەگرێت بەرامبەر خزمەت کردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت. ئەو پارەی کە وەری دەگرێت دابەش دەبێت بۆ مووچەی ئاسایی ( مووچەی بنەرەتی ) و مخصصات.

**پ/ کامە مووچە ملکەچ دەبێت بۆ دانی باج؟**

وەڵام/ لە یاسای باج مووچە بە رەهایی (مطلق) هاتیە و دەڵێ داهاتە و دەبێت باجی لێ بدرێت.

بەلاّم ئەوەی گرینگە کە بزانین لە چەندی باج دەدرێ ؟ وە نسبەکەی چەندە ؟ لە هەرێمی کوردستان.

لە هەرێمی کوردستان دوو هەموار کردن لە یاسای باجی دەرامەت کرایە کە ئەوانیش لە ساڵی ( ٢٠٠٧ ) و لە ساڵی ( ٢٠١١ )، بە پێی هەمواری ساڵی ( ٢٠٠٧ ) نسبەکەی ( ٧٪ ) بوو و لە ساڵی ( ٢٠١١ ) هەموار کراوە نسبەکەی کرایە ( ٥٪ ). واتە لە مووچە ( ٥٪ ) باجی لێوەردەگرێ.

**نموونە/** ئەگەر کەسێك مووچەکەی یەك ملیۆن دینار زیاتر بێت. ئەوا نسبەی ( ٥٪ ) لێ وەردەگیرێت لە زیادەی یەك ملیونەکە،

**سەبارەت بەکرێ،** هەر کەسێك لە کەرتی تایبەت کار بکات و کرێیەکەی لە ملیۆنەك زیاتر بێت، ئەوا باجی لێ وەردەگیرێت. پێی دەڵێین (لێ برین راستەوخۆ)، بۆیە خاوەن کارەکە ملزمە ( پابەندە ) بەدانی باجەکەی بەلاّم ئەویش ( ٣ ) مانگ جارەك، واتە خاوەن کارەکە باجەکەی لەکرێیەکەی ( کرێ کرێکاران ) دەبڕێت و ( ٣ ) مانگ جارەك بۆ فەرمانگەی باج دەبات، و ئەگەر خۆی تأخیر بکات و لەو ( ٣ ) مانگەی نەیبات ئەوا غرامەی دێتە سەری.

**٢- المخصصات:-** ئەو بڕە پارەیە کەوا لە پاڵ مووچە بە کەسەکە دەدرێت لە بەرامبەر چەند شتێکی هەیە.

لە کەرتی گشتی کۆمەڵێك مخصصات هەیە وەك مخصصاتی شهادە مخصصاتی ترسناکی .... هتد.

بە هەمان شێوە لە کەرتی تایبەتیش کۆمەڵیك مخصصات هەیە کە لە پاڵ کرێیەکەی کرێکارەکە پیّ دەدرێ ئەو مخصصاتەش یان بەنقدی پێی دەدرێ یان بە عینی.

**نموونە/** کرێکارەکە شوێنی مانەوەی پێویست بوو، ئەوا یان خاوەن کارەکە پارەی دەداتێ وە دەڵێ خانووەك بەکرێ بگرە کە ئەوە شێوازی نقدییە یان خاوەن کارەکە خۆی شوێنێکی بۆ دابین دەکات کە ئەمەش شێوازی عینییە. ئەم مخصصاتە کە لەپاڵ مووچە یان کرێ وەردەگرێ داهاتەو باجی لێ وەردەگیرێ.

**٣- تخصیصات**

**تخصیصات:-** بڕە پارەیەکە بۆ کەسێك تخصیص دەکرێ بەرامبەر ئەو خزمەتەی کردیتی.

**پ/ ئەو کەسانە کێن کە برە پارەیەکیان بۆ تخصیص دەکرێ؟**

وەلاّم/ ئەو کەسانەی المکلف بخدمە عامە، کە ئەندام پەرلەمانەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانی و موختارەکان دەگرێتەوە کە ئەو کەسانە بۆ ماوەیەکی کاتی کە ( ٤ ) ساڵە خزمەتەکەی

پێشکەش دەکەن و هەر بۆیەش مووچەکەیان تخصیص دەکرێ، لەهەموو شوێنێك ئەم کەسانە ( المكلف بخدمه عامه ) مووچەکەیان بۆ تخصیص دەکرێ لەو ( ٤ ) ساڵە و پاش ( ٤ ) ساڵەکە تەواو کەسەکە دەگرێتەوە وظیفةي خۆی. بەڵام لە کوردستان پاش ( ٤ ) ساڵەکە تقاعد دەکرێن و پارەکی بۆ تحدید دەکرێ.

**شەشەم:- كل مصدر أخر غير معفى بقانون و غير خاضع لاي ضريبة في العراق:-**

واتە هەر سەرچاوەیەکی تر کە باس نەکرا بوو لەداهاتەکانی پێشتر و عفو نەکرا بوو بە یاسا ئەوا ملکەچە بۆ دانی باج.

**نموونە بۆ ئەو داهاتانەی کە باس نەکراوە:-**

**١- داهاتی پەناهەندی سیاسی**

**پەناهەندی سیاسی:-** ئەو کەسەیە کە لەبەر سیاسەت لەوڵاتەك دەڕوات و دەچێتە وڵاتێکی تر و لەوێ **پەناهەندی** سیاسی وەردەگیرێ کە إقامە و جنسیەی وەردەگرێ و حکومەتی وڵات مووچەکی بۆ دەبڕێتەوە.

کە لە دەستوری عێراقیش باس لە **پەناهەندی** سیاسی کراوە و ئاماژەی بەوە داوە کە حمایەی بۆ دابین دەکرێ.

**گرینگە:-** ئەو مووچەیەی کە وەردەگرێ ملکەچە بە دانی باج هەرچەندە لەهەر پێنج بڕگەکەی سەرەوە باس نەکراوە بەڵام هەر ملکەچە بۆ باج چونکە داهات هەژمار دەکرێت.

**٢- مكافأه المخبر**

**مخبر:-** ئەو کەسەیە کە لەبەرژەوەندی گشتی خبر دەدات لەتاوان و لە بەرامبەر مکافئەك وەردەگرێ.

لە فەرمانگەی باجیش هەروایە، ئەگەر کەسێك خبری دا لە کەسێك کە داهاتی هەیە و تسلیمی نەکردیە ئەوا مکافئەی دەکەن. ئەو مکافئەش بەداهات هەژمار دەکرێ و ملکەچە بۆ دانی باج هەرچەندە لەسەرچاوەکانی پێشتر باس نەکرایە و عفو نەکرایە.

## ٣- خانوو بە کرێدان لەدەرەوە

ئەو کەسانەی کە خانوو لەدەرەوە بەکرێ دەدەن داهاتیان بەدەست دەکەوێ ئەو داهاتە ملکەچە بۆ باج هەرچەندە لە سەرچاوەکانی باس نەکراوە و عفو نەکرایە، گرینگ ئەوەیە کەسەکە لەعێراقە و جنسیەی عێراقی هەیە و داهاتی بەدەست دەکەوێ لەدەرەوە ئەوا ملکەچە بۆ باجی دەرامەت. **نموونە/** کەسێك لێرە دەژی بەلاّم خانووەکی هەیە لە تورکیا و بەکرێ داوە ئەوا کرێیەکە بە داهات هەژمار دەکرێ و ملکەچە بۆ باج.

**پ/ ئەو داهاتە غیر مشروعە دەچتە ناو باج دان؟**

وەلاّم/ ئەمە بە داهات هەژمار دەکرێ و باجی لێ دەدرێ و هەرچەندە لەسەرچاوەکان باسی ناکات، و لەهەموو ولاّتان وەردەگیرێ، بەلاّم لێرە لەبەر نەبوونی سیستەمیکی باش، هۆکارەکەشی لاوازی حکومەتی و فەرمانگەی باجە.

ئەوەی گرینگە بزانین ئەوەیە کە ئەو داهاتە غیر مشروعەش ملکەچە بۆ باج. لەکوردستان ئەو داهاتە بە یاسایی هەژمار دەکرێ **هەتا إثباتی** عکس دەکرێ و بەداهات دادەنرێ و ملکەچە بۆ باج .